پ1/ لەم دەقەی خوارەوەدا ئەگەر کرداری کرتاندن هەیە دەستنیشانی بکە و جۆرەکەی دیاریبکە.
**( تۆ نانێک دەخۆی یان دوان )**

پ2/ لەم دەقەی خوارەوەدا ئەگەر کرداری بریتیخستن هەیە دەسنیشانی بکە و جۆرەکەی دیاریبکە
**(دەبێ ئاگاداری دەستگیرکراوەکە بین، نەبادا لە دەرفەتێکدا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆی)**

پ3/ دەنگ بەرزکردنەوە نەریتێکی ناشیرینە، لە شیکردنەوەی وتاردا دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت باسییان بکە.

پ4/باسی **بەستنی هۆیی** بکە ، سێ نموونە بۆ سێ ئامرازی جیاوازی ئەم جۆرە بهێنەوە.

پ5/ جیاوازییەکانی دەقی نوسراو و دەقی وتراو بنووسە.

پ6/ یەکێک لە جۆرەکانی زۆرگووتن بریتییە لە ( **زۆربلێیی** ) باسی بکە.

پ7/ **(باوکم لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندێکی کوردستان لە دایکبوو، هەر لەوێش کۆچیدوایی کرد. )**
لەم دەقەی سەرەوەدا کرداری (**کرتاندن و بریتیخستن**) دەستنیشان بکە و هۆکارەکەشی ڕوونبکەوە.

پ8/ یەکێک لە جۆرەکانی چەندییەتی وتار بریتییە لە (زۆر ووتن ) ، باسی بکە و بەپێی ڕیزبەندی لەبارەی جۆرەکانی (زۆرووتن) بنووسە .

پ9/ بە نموونەوە جیاوازی بکە لە ( نێوان دەق و گوتار) دا

پ10/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە .
1- بریتیخسن 2- چاو لەپاش 3- نێرەری زۆربڵێ

پ11/ ئەمانە پێناسە بکە
1- لویس ئاڵتوسەر 2- لکانی واتایی

پ12/ بۆچوونی ( براون و یۆڵ ) سەبارەت بە دەق ڕوون بکەوە .

پ13/ بە نموونەوە جیاوازی بکە لە ( نێوان دەق و گوتار) دا

پ14/ بۆچوونەکانی (فۆکۆ) چ کاریگەرییەکی هەبوو سەبارەت بە شیکردنەوەی گووتار ( دەق ) .

پ15/ بە وردی و بە نموونەوە باسی هەموو جۆرەکانی ( ئاماژە) بکە .

پ16/ یەکێک لە جۆرەکانی چەندییەتی وتار بریتییە لە (زۆر ووتن ) ، باسی بکە.

پ17/ ڕۆڵی (کە) ی ناسیاوی لە ئاستی دەق و سینتاکسدا ڕوونبکەوە.

پ18/بریتخستن چییە؟ بریتیخستنی ناوی ڕوونبکەوە و لە دەقێکدا نموونەی بۆ بهێنەوە.

پ19/ کرتاندن لە ئاستی دەقدا چییە؟ جۆرەکانی بەنموونەوە ڕوونبکەوە.

پ20/ بریتیخستنی کار ڕوونبکەوە و پاشان لە نموونەی دەقێکدا دەستنیشانی بکە.

پ21/ برتیخستن و کرتاندن دوو پەیوەندی جیاوازی نێو دەقن، بە نموونەوە جیازازی لە نێوانیاندا بکە.

پ22/ بەستن چییە؟ جۆرەکانی بەستن لە موونەیەکدا ڕوونبکەوە.

پ23/ پراگماتیک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شیکردنەوەی وتاردا، بە وردی باسی بکە.

پ24/ جیاوازی بکە لەنێوان ئەو کەرستانەی لەبەردەستی دەقبێژ و دەقنوسدان لە ئاراستەکردنی وتاردا.

پ25/ بەوردی و بە نموونەوە باسی ( چەنەبازی ) بکە.